لەیلا مالک:

# نازانم تا کەی دیزاینەرەکانمان پەنا بۆ مۆدێل و نمایشکاری بیانی دەبەن



لەیلا مالک کچە مۆدێلێکی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانە و خەڵکی شاری سنەیە، لە ساڵی ٢٠١٢ هاتۆتە هەرێمی کوردستان و کاری مۆدێل دەکات، ئێستاش یەکێکە لە کچە مۆدێلە دیارەکان و بەنیازی کردنەوەی سەنتەرێکی تایبەتە بە کاری مۆدێل، چونکە خولیاو حەزی هەمیشە بۆ کاری نمایشکاری و مۆدێلینگ بووە، بۆ بەدیهێنانی ئەو خەونەش ڕووی کردووەتە باشووری کوردستان و خۆی گوتەنی دەرگای بەختی لێرە کراوەتەوەو بەشداری لە دەیان کاری نمایشکاری و فۆتۆ مۆدێلینگ کردووە.

هەر زوو لەیلا حەزی بە کاری مۆدێل کردووە وەک خۆی دەڵێ: هەر لە منداڵیەوە بەردەوام چاودێری کاری مۆدێلە بەناوبانگەکانم دەکرد و زۆر حەزم بەو کارە دەکرد و خولیایەکی زۆر بوو، هەر بۆیە ئێستا کاری مۆدێلین بەشێکی دانەبڕاوە لە ژیانم و حەز و خولیایەکی گەورەی منیش بووە، لە تاران چوومە چەند خولێکی بواری مۆدێل و لەو بوارەدا ئەکادیمیانە شارەزاییم پەیدا کردووە، کە هاتمە کوردستان لە ساڵی ٢٠١٢ پێشانگایەکی فاشیۆن هەبوو کە بەشداریم تێکدا کرد ئەو کاتە هیچ کچێکی کورد نەبوو وەک مۆدێل کاربکا تا لەو پێشانگایە بەشداری پێبکەین، بۆیە دوو کچی دیکەیان لە ئۆکرانیاوە هێنا، بەڵام ئێستا ژمارەیەکی زۆر لە کچان هاتونەتە ئەم بوارەوە و کار دەکەن.

دەربارەی مەرج و تایبەتمەندیی وێنەگرتن و فۆتۆ مۆدێل لەیلا دەڵێت: هەموو کەسێك بۆ ئەم کارە ناشێت هەموو کچێك ناشێت روو بکاتە کاری مۆدێلینگ، لە دنیای دەرەوەدا ئەم کارە بەشێوەیەکی ئەکادیمی و زانستی دەخوێنرێت، تاوەکو ببێتە مۆدێل یان نمایشکاری جلوبەرگ، چونکە ئەمەش یاسا و ڕێسای خۆی هەیە، بەژن و باڵا و جوانی و لێهاتوویی ڕۆڵی سەرەکی دەبینێت، وەرزشکردن و مانەوەی لەش بەڕێکی، یەکێکە لە خاسیەتە باشەکانی مۆدێل، من ڕۆژانە بەشێوەیەکی زانستی و بەرنامەدار وەرزشی جۆراوجۆر دەکەم، چونکە لەهەموو شتێك گرنگتر بۆ مۆدێل وەرزشکردنێکی زانستییە،بەڵام بەداخەوە لە کوردستان بەشێکی زۆر لە کچان و کوڕان ڕوویان لەم کارە کردووە، بەبێ ئەوەی هیچ لە نمایشکاری و مۆدێلینگ بزانن».

دەربارەی گرنگی پارێزگاری لە کێش و جوانی جەستە لەیلا دەڵێ:

من زۆر گرنگی بەوە دەدەم کە وەرزشی بەردەوام بکەم و خواردنی تەندروست بخۆم، ڕۆژانە ئاگاداری ڕێژەی ئەو کالۆرانەم کە دەیخۆم و بەردەوامیش وەرزش دەکەم، ئەوەش باشترین ڕێگەیە بۆ دابەزاندنی کێش، لەگەڵ ئەوەشدا خەوتنی تەندروست لە کاتی خۆیدا زۆر گرنگە کە شەوان زوو بخەویت و بەیانیان زوو هەڵبستیت، من لانیکەم ڕۆژانە کاتژمێرێک وەرزش دەکەم، جگە لەوەی کە بۆخۆشم ڕاهێنەری وەرزشم، سەبارەت بە ڕوخساریشم ڕۆژانە ماسکی سروشتی بە میوە و کەرەستە خۆماڵیەکان بەکاردەهێنم و زۆر سودم لێوەر گرتوون.

لەیلا پێیوایە لە کوردستان گرنگی بەم هونەرە نادرێت و مۆدێل و نمایشکارەکان مەغدوورن. و لەم بوارەوە دەڵێت: «بەداخەوە لە باشووری کوردستان گرنگی بە مۆدێل و نمایشکارەکان نادرێت، تەنانەت بەشێك لە فۆتۆگرافەرەکان بە خۆڕایی و بێ بەرامبەر کاریان پێدەکەن، کەچی لە دنیای دەرەوە نمایشکارەکان گرنگیی زۆریان پێدەدرێ و ناسنامەی تایبەت بەخۆیان هەیە، لەگەڵ ئەوەشدا بە گرێبەست کاریان لەگەڵ دەکرێ، بەڵام ئەمە لە کوردستان زۆر بە کەمی دەبینرێ. ڕۆژانە خەڵکانێکی زۆر پەیوەندیم پێوە دەکەن کە دەڵێن زۆر حەزیان لە کاری مۆدێلینگ و نمایشکاریی جلوبەرگە، بەڵام دایك و باوك ڕێگرییان لێدەکەن، چونکە بە چاوێکی سووك سەیری ئەم کارە دەکرێ».

زۆر لە دیزاینەرانی کورد بۆ نمایشکردنی بەرهەمەکانیان پشت بە نمایشکاری بیانی دەبەستن، لەم بارەوە لەیلا دەڵێ: تێناگەم بۆچی تاوەکو ئێستا دیزاینەرەکانمان پەنا بۆ مۆدێل و نمایشکاری بیانی دەبەن، لە کاتێکدا دەیان نمایشکاری باشی کوردمان هەن. من داوا لە دیزاینەرە کوردەکان دەکەم پشت بە نمایشکاری کورد ببەستن، چونکە مۆدێل و نمایشکاری زۆر باشمان هەن، ناکرێت فەرامۆشیان بکەین».

دەربارەی کاری نوێی لەیلا دەڵێ:دەمەوێت سەنتەرێکی بواری مۆدێل لە کوردستان دابنێم کە مۆدێلەکانی تێدا کۆببێتەوە و بە پڕۆفیشناڵانە کارەکانیان بکەن و فاشیۆن شۆی تایبەتمان دەبێت، لە زۆربەی وڵاتانیش کاری مۆدێل بەو جۆرەیە و لە ڕێگای کۆمپانیاکانی بواری مۆدێلەوەیە.




# لێکۆڵینەوە لەگەڵ ئەمیتاب دەکرێ

ماوەیەکە ژمارەیەك لە میدیاکانی هیندستان باس لە تێوەگلانی ئەستێرەی سینەمای بۆلیود و جیهانی ئەمیتاب باتشان دەکەن لە چەند کەسێکی دەست بەسەردا گرتنی چەند زەوییەکی دەوڵەت و بەکارهێنانی بە درووستکردنی باڵاخانە لەسەر بە شێوەیەکی نایاسایی.

بەم دواییەش پارێزەری ئەمیتاب باسی لەوە کرد کە لە ساڵی ٢٠١٢ ئەمیتاب چەند زەوییەکی کڕیوە لە ناوچەی جۆیگان لە نزیك شاری سینەما لە مۆمبای و دوای چەند مانگێك زەوییەکانی بە ناوی خۆی کردووە، بەڵام دەستکاری نەکردووە واتە هیجی لەسەر درووست نەکردووە، بۆیە مەسەلەی درووستکردنی باڵاخانەی نا یاسایی لەسەر ئەو زەویانە دوورە لە راستییەوە.

پارێزەری ئەمیتاب ئەوەشی گوت: هەرچەندە تا ئێستا ئەم زەوییانە بۆ هیچ شتێك بە کارنەهێنراون، بەڵام ئێمە رەزامەندی لایەنە پەیوەندیدارەکانم وەرگرتووە بۆ بەکارهێنان و سوود وەرگرتن لەو زەویانە بەتایبەتی بۆ شوێنی نیشتەجێ کردن.

جگە لە ئەمیتاب ماوەیەکە باس لە تێوەگلانی ژمارەیەکی زۆر لە ئەستێرەکانی بۆلیود دەکرێ لە تاوانی لەم جۆرەی تایبەت بە سوود وەرگرتن لە زەوییەکانی دەوڵەت وەك راجکۆمار هیرانی، بانجاج بالاجی، سانجای فیاس،، هریش خاندوال و حارس جاگتانی، دوای ئەوەی چالاکوانێکی مەدەنی باسی لەوە کردبوو کە دەوڵەت چاوپۆشیی لە چەند گۆڕانکارییەکی نا یاسایی کردووە کە بەشێك لەو ئەستێرانە لەسەر چەند زەوییەکی دەوڵەتیان ئەنجامداوە لە بەرژەوەندی خۆیان، بەڵام تا ئێستا نە خۆیان نە پارێزەرەکانیان بە هیچ شێوەیەك باسیان لەو مەسەلەیە نەکردووە.



# ئالین بە(پێشمەرگە) ژمارەیەکی پێوانەیی تۆمارکرد

دوای هێرشەکانی تیرۆریستانی داعش بۆ سەر کوردستان خانمە هونەرمەندی رۆژئاوای کوردستان ئالین ژمارەیەك گۆرانی و سروودی نیشتمانی پێشکەش کرد، لەوانەش گۆرانیی (پێشمەرگە) کە یەکێك بوو لە گۆرانییە سەرکەوتووەکان لە رووی جەماوەرییەوە بەتایبەتی لەسەر تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان.

لەسەر تۆڕی کۆمەڵایەتی یوتیۆب گۆرانی (پێشمەرگە) ژمارەی بینەرانی لە حەوت ملیۆن بینەر تێپەڕ کردووە، ئەمەش ژمارەیەکی پێوانەییە و بەردەوام لە زیادبووندایە، چونکە بەپێی چەند سەرچاوەیەك لە دوای رووداوەکانی کەرکوك گۆرانی (پێشمەرگە)ی ئالین یەکێك بووە لەو گۆرانیانەی کە بە زۆرترین شێوە لەلایەن گەنجانی شاری کەرکوك و ناوچەکانی ترەوە گوتراوەتەوە.

هەر لەم بارەیەوە و لە لێدوانێکی تایبەتدا ئالین رایگەیاند: خۆشەویستی هونەرمەند بۆ هونەر و وڵاتەکەی گەورەترین هاندەری بەردەوامبوونیەتی لە هونەر و کارکردنی بەردەوام بۆ پێشکەش کردنی کاری جوان بە جەماوەرەکەی و خزمەتگەیاندن بە کوردستان لە رێگای هونەرەوە بەتایبەتی لەو قۆناغە مێژووییەی ئێستا میللەت کورد پێیدا تێپەڕ دەبێت و ئەو پیلانە هەمە لایەنانەی کە دژی گەیشتن بە ئاواتەکان لەلایەن دوژمنانەوە دەدرێن، دیارە هونەر و هونەرمەندانی کورد رۆڵێکی سەرەکییان هەبووە لە دەوڵەمەند کردنی کەلتووری کوردستان و پاراستنی ناسنامە و زمانی میللەتی کورد، چونکە دوژمنان بەر لەوەی خاکمان داگیر بکەن هەوڵیانداوە زمان و کەلتوورەکەی لە ناو ببەن و بیشێوێنن، بۆیە پێویستە لەسەر ئێمەی نەوەی ئێستای هونەرمەندان کە درێژەپێدەری خەباتی هونەرمەندانی پێش هۆمان بین و رێگا نەدەین دوژمنان بە مەرامی خۆیان بگەن.



# ماڵی مایا کاری دزرا

ماڵپەڕی (TMZ)ی تایبەت بە هەواڵی کەسایەتییە ناسراوەکانی ئەمریکا بەتایبەتی ئەستێرەکانی سینەما و گۆرانیبێژان رایگەیاند لەو کاتەی کە گۆرانیبێژی ناسراوی ئەمریکی ماریا کاری سەردانی لۆس ئەنجلوسی کردبوو، دوچاری رووداوێکی دزی بۆتەوە لەلایەن چەند دزێکەوە کە دوورەکەوتنەکەیان بە دەرفەت زانیبوو بۆ ئەنجامدانی ئەم کارە.

ماڵپەڕەکە ئەوەشی راگەیاند کە دزەکان هیچ شانسیان نەبوو، چونکە تەنیا توانیبیان چەند جانتایەکی دەست و چەند چاویلکەیەك بدزن کە نرخەکەیان لە (٥٠) هەزار دۆلاری ئەمریکی کەمتر بوو، هەرچەندە ماریا تیمێکی پاسەوانی تایبەتی هەیە لە ماڵەکەی خۆیدا، بەڵام دوای تێپەڕبوونی زیاتر لە سێ کاتژمێر ئینجا هەستیان بە رووداوی دزییەکە کردبوو.

دوای پشکنینی ماڵەکەی ماریا دەرکەوت کە ئەو شتانەی دزراون نرخەکەیان لە (٥٠) هەزار دۆلار کەمترە، ئەمەش بۆ ماریا دەکاتە بەهای یەك چرکەیەك گۆرانی گوتن لە ئاهەنگێکدا، چونکە ماریا یەکێکە لە دەوڵەمەندە ناسراوەکانی ئەمریکا لە نێو هونەرمەندان و بەوە ناسراوە کە برێکی زۆر زێڕ و کەلوپەلی بە نرخی هەیە، لەوانەش ئەو ئەنگوستیلەیەی کە ملیاردێری ئوسترالی (جیمس باکر) پێشکەشی کرد و نرخەکەی دەکاتە (١٠) ملیۆن دۆلاری ئەمریکی.

حەسنا لەعکوبی:

# ئافرەتی هونەرمەند پێویستی بە کاتی زۆر هەیە تا وەک هونەرمەندێکی سەرکەوتوو بناسرێت



ئەکتەر و نمایشکاری جلوبەرگە لە یەک کاتدا و لە هەردووکیاندا سەرکەوتوو بووە و قوتابی پەیمانگای باڵای هونەری بووە لە کازابلانکا، بەڵام نمایشکاری جلوبەرگ بە هۆکاری پەیداکردنی بژێوی ژیان دادەنێت و ئەکتەریش وەک حەز و خولیایەک کە هەر لە منداڵییەوە گیرۆدەی بووە. حەسنا ئەلعەکوبی کچە نمایشکار و ئەکتەرە و پشت ئەستوور بە توانا هونەرییەکانی خۆی و ئەو ئیرادە و حەزەی بۆ کاری نواندن هەیەتی و بە سوودوەرگرتن لە پێشکەوتنی سینەمای مەغریبی و کرانەوەی بەسەر ئەوروپا و جیهانی عەرەبی و ئەو هەموو فیستیڤاڵە جیاجیانەی کە لەو وڵاتە بە بەردەوامی ساز دەکرێن.

*** زیاتر خۆت لە ڕاگەیاندن دەبینییەوە، یان نواندن؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت، من زیاتر لە ڕاگەیاندن نزیك و هەر لە منداڵییەوە خولیای بووم، بەڵام ماوەی پێنج ساڵ لە بواری شانۆ خوێندوومە و زۆریش حەز بە شانۆ دەکەم، بەڵام نامەوێ ئێستا خۆم سەرقاڵی شانۆ بکەم، چونکە هەست دەکەم دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی کات.

*** بۆچی زۆر لە هونەرمەندانی عەرەبی ڕوو لە میسر دەکەن؟**

- میسر بۆ ئێمە وەك هۆلیۆدی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وایە، هەر هونەرمەندێك بیەوێ پێشکەوێت ڕوو لە میسر دەکات، چونکە ژمارەیەکی زۆر کەناڵی تێدایە، هەروەها ئەو فیلم و زنجیرانەی کە لە میسر بەرهەم دەهێنرێن لە سەرتاسەری وڵاتانی عەرەبی بە ئاسانی دەفرۆشرێن، زۆر لە هونەرمەندان هەن لە وڵاتانی خۆیان ناسراویش بوون، بەڵام کاتێك ڕوویان لە میسر کردووە زیاتر ناسراون و ئەو وڵاتە یارمەتیدەرێکی باشی هونەرمەندانە، منیش زۆر کاری ڕاگەیاندنم لە میسر کردووە، بەڵام لە بواری مۆدێل لە میسر کارم نەکردووە.

*** ئایا هیچ لە مەغریبییەکان لە میسر ناوبانگیان دەرکردووە؟**

- ئەوەی ڕاستی بێت هیچ لە ئەکتەرە مەغریبییەکان لە میسر ناوبانگیان دەرنەکردووە و ئەوانەی هەبوون تەنیا گۆرانیبێژ بوون.

*** ئەو ئاستەنگانە چین کە هاتوونەتە سەر ڕێگات؟**

- هونەرمەند دووچاری زەحمەتییەکی زۆر دەبێتەوە تا بتوانێت ناوێك بۆ خۆی پەیدا بکات و بوونی خۆی وەك هونەرمەندێکی سەرکەوتووی بسەلمێنیت ئەمە پێویستی بە چەند ساڵێك دەبێت، گرنگترین هۆکاری سەرکەوتنی هونەرمەندیش بە ڕای بەردەوام بوونیەتی لە بوارەکە.

*** تا ئێستا لە پشتت بە جوانی خۆت بەستووە یاخود بەو بەهرە هونەرییەی کە لە ناخی تۆدا هەیە؟**

- بێگومان سەرەتا پشتم بە توانا و بەهرەی خۆیم بەستوو، چونکە پێویستە بەهرەی هونەریت هەبێت تا بتوانیت بوونی خۆت بسەلمێنی، من تا ئێستا دەرفەتی زۆرم بۆ نەڕەخساوە تاکو بتوانم هەموو توانا و بەهرەکانی خۆمی تێدا دەربخەم یان فیلمێکم پێشکەش کرابێت کە بە تەواوی لێی ڕازی بم، هیوادارم لە داهاتوویەکی نزیکدا ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ و مەرج نییە تەنیا لە مەغریب بێت بەڵکو لە هەر وڵاتێکی عەرەبی ئەو دەرفەتەم بۆ بڕەخسێ تاکو هەموو لایەك لە نزیکەوە بە توانا و بەهرەی من ئاشنا بن، چونکە خەون و ئاواتەکانم سنووردار نین تەنیا لە مەغریب.

*** ئایا هیچ پشتت پێی نەبەستووە یاخود هیچ لە دەرهێنەرەکان داوایان لێ نەکردووی بەشداری کارێك بکەی تەنیا لەبەر جوانیت؟**

- لە نواندندا دەموچاو و جوانی دەرەوە ڕۆڵی سەرەکییان هەیە، لە سینەما یان تیڤی پێویستە هونەرمەند دەموچاوێکی گونجاوی هەبێت بۆ ئەوەی دەربکەوێت، بەڵام من حەز ناکەم تەنیا پشت بە جورئەت ببەستم و بەو جۆرە ڕۆڵانە بناسرێم، بەڵکو ڕۆڵی جیاوازم دەوێ دوور لەوەی کە پشت بە جوانی و بەژن و باڵای خۆم ببەستم.

*** ئایا تۆ خۆت بە هەموو ڕۆڵێك ڕازی نەبووی یان ڕۆڵی گونجاوت پێشکەش نەکراوە؟**

- لە سینەمادا ڕۆڵی زۆرم پێشکەش کراوە کە جورئەتی زۆریان تێدایە، سەبارەت بە تیڤی ڕۆڵی زۆرم پێشکەش نەکراوە، چونکە لە تیڤی زیاتر پشت بە پەیوەندییە تایبەتییەکان دەبەسترێت و پێویستە دەرهێنەرێك یان بەرهەمهێنەرێك بناسی ئینجا ڕۆڵت پێشکەش دەکەن و پشت بە توانا و بەهرە نابەسترێت.

*** ئەگەر ڕۆڵێکت پێشکەش کرا کە جورئەتێکی هونەری تێدا بێت سنوور نەبەزێنێت و پێویست بێت، ئایا پێ ڕازی دەبی؟**

- هەندێك هێڵی سوور هەیە ناتوانم بیانبەزێنم، تەنانەت ئەگەر ڕۆڵەکە سەرەکی بێت و جورئەتەکەش مەبەست و ئامانجێکی هونەری دیاریکراوی هەبێت بۆ پاراستنی ناوبانگی خانەوادەکەم و دەمەوێ هەمیشە ناوبانگێکی باش و وێنەیەکی جوانم هەبێت لە کۆمەڵگەدا، من نامەوێ بۆ سەرکەوتنی کاری دەرهێنەرێك یان بیرۆکەکەی پشت بە جورئەتی هونەرمەند ببەستێت، بەڵام من درك بەوەش دەکەم کە زۆر جار جورئەت پێویستە و مەرجیش نییە تەنیا بە جەستە بێت، هەروەها نەبیلە عوبێد کە بە جورئەت ناسراوە من بە نموونەیەکی بەرزی خۆمی دەزانم وحەز دەکەم بگەم بە ئاستی ئەو.

*** بۆچی سینەمای مەغریبی بە جورئەت و وروژاندن تاوانبار دەکرێت؟**

- تەنیا لە سینەمای مەغریبیدا ئەمە نییە، ئەگەر سەیری سینەمای میسری بکەین زۆر لە مەغریبی جورئەتی زیاترە، هەروەها لە هەموو جیهاندا کچە ئەکتەرەکان ئیستغلال دەکرێن لە لایەن دەرهێنەر و بەرهەمهێنەرەکان بە هەموو شێوەیەك.

*** زیاتر حەز لە چ ڕۆڵێك دەکەی؟**

- من زیاتر حەز لە ڕۆڵی درامی دەکەم و حەز دەکەم پەیامێك بە کۆمەڵگە بگەیەنم کە سوودی بۆ تاکەکانی هەبێت لە ژیانی ڕۆژانەیاندا و ببم بە نموونەیەك جوانی کۆمەڵگە.

**نامەوێ ئێستا خۆم سەرقاڵی شانۆ بکەم، چونکە هەست دەکەم دەبێتە هۆی بە فیڕۆدانی کات**

**زۆر جار جورئەت پێویستە و مەرجیش نییە تەنیا بە جەستە بێت**